# کورتەیەک لەمەڕ ناسیۆنالیزمی کوردی... قەیرانی شوناس

هیوا عوسمان بەڵخەیی

نەتەوەکان بەمانای تەواوی وشە، سەرەتا لەسەدەکانی ١٨ و ١٩دا لە رۆژئاوا وەکو لەو کۆڕوکۆمەڵانەی کە لەبواری سیاسیی و ئابوورییەوە حکوومەت و بازاڕی نەتەوەیی ئەوان پێکەوە گرێدا پەیدابوون، هاوکات لەگەڵ هڕوژمی ئیمپڕاتۆریەتە کولونیالیزمەکانی سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم بۆ وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیای باکوور دەستێوەردانەکانیان لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مۆدێلی -دەوڵەت- نەتەوە -na-tion هاتە ئاراوە، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوا بەسەرکردایەتی ئینگلیزەکان کەوتە کار بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی ناوەندی لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی بتوانێ دانووسانە ئابووری و بازرگانییەکانی لەگەڵ دەوڵەتێکی ملکەچی خۆی و لەهەمان کاتیشدا بەدەسەڵات بەسەر نەتەوەکانی ژێر دەستی خۆیدا بەباشی بەڕێوەبەرێ و پەیمانەکانی لەگەڵیدا گرێبدات، بۆیە ناسیونالیزمی گرووپی زۆرینە خوازیاری چڕبوونەوەو ناوەندیەتی دەسەڵات لەهەموو شوێنێک رووی کردە سەرکوتکردنی کەمینەکان، ئەم سەرکوتکردنانە بەشێوەی جیاوازی دانان بەدووچاوەکی سەیرکردنی نەتەوە کەمینەکانی ژێر دەستی زۆرینە، سەرکوتکردن و ستەمی کلتووری و ئابووری و فیزیاوی و لەناوبردن و ..

**پاش شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨و ئیمزاکردنی پەیمانی (سیڤەر) لە ساڵی ١٩٢٠ لەنێوان تورکیا و هاوپەیمانەکاندا کە لە مادەکانی (٦٣،٦٢)دا بەئاشکرا ئاماژە بە (ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی) بۆ کوردەکان دەکات**

هتد بوو، تاوەکو پێش سەرەتاکانی سەدەی ١٩دا سەرەڕای لەئارادابوونی سیستەمی میرنشینی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا کە باو بوو، کاریگەرییەکانی ئایینی ئیسلامیش بەربەست بوون بۆ ئەوەی کە نەتەوەکان بکەونە بەرجەستەکردنی جیاوازییە ئێتنیکی و جوگرافییەکان، هەروەها نەریتەکانیان لەگەڵ یەکتریدا. نەتەوەخوازی لە ئاستێکی نزم و پشتگوێ خراودا لەژێر رکێفی خولەفای ئیسلامیداو ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی بەتایبەت عوسمانییەکاندا کپ و بێدەنگ بوو، بەڵام بەدوای هەرەسەکانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی عوسمانیدا ناسیونالیزمی کورد بەکارتێکراوی لە لایەن ناسیونالیزمی ئەوروپییەوە لە ناوچەکەدا بەرەبەرە دەرکەوت، هەرچەندە ناسیونالیزم وەک هەست لە لایەن ئەحمەدی خانییەوە لەشیعرەکانیدا دەربڕاوە، بەڵام بەڕوونی و بەشێوەی ناسیونالیزمی مۆدێرن لە شیعرەکانی حاجی قادردا خۆی دەنوێنێ. ناسیونالیزمی کوردی لە سەردەمی رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و پارچەپارچەبوونی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام لەئارادابووە، ئەگەرچی بەدوای سەدەی شازدەهەمدا ئەوکاتەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەیەویست خۆی لەبەرامبەر دەوڵەتی شیعەی سەفەوی ئێراندا بەهێزتر بکات. هەندێ ئیمتیازاتی میرنشینی دا بەکوردەکان، ئەم میرنشینە کوردییانە تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ماف و ئیمتیازاتی خۆیان هەبوو، بەڵام هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا بابی عالی دەیەویست بۆ بووژاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکەی و بەرگریکردن لە هەرەسهێنانی خۆی میرنشینەکانی ملکەچی خۆی بکاتەوە، ئەم کارەش نارازیبوونی میرە کوردەکانی بەدواداهات، بەسەرکردایەتی و سەرۆکایەتی سەرۆکە خۆجێییەکان هەندێ شۆڕش بەدژی دەسەڵاتی عوسمانی بەرپاکران وەک (١٨٢٦ محەمەد پاشای رواندز- ١٨٣٤ ئیسماعیل پاشای بادینان)، پاشان شۆڕشی بەدرخانییەکان کە ساڵی ١٨٤٧ کۆتایی پێهات و، بزووتنەوەکەی یەزدان شیر ١٨٥٤- کوڕەکانی بەدرخان ١٨٧٩، بزووتنەوەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری١٨٨٠، شارەزایان بزووتنەوەی شێخی نەهری بەسەرەتای بزاڤی ناسیونالیزمی کوردی دادەنێن.

هەموو ئەم شۆڕشانە مۆدێلێکی خێڵەکی و سوننەتییان هەبووە و لێکچوونێکی ئەوتۆیان لەگەڵ ناسیونالیزمی ئەوروپی وەک ئایدیالۆژیایێکی سەرەکی سەدەی هەژدەهەم نەبووە، لە ساڵی ١٨٩٢ لە ئەستەمبۆل قوتابخانەی (عەشیرەت مەکتەبلەری) کرایەو، منداڵانی کورد بەهۆی ئەوەی تێکەڵدەبوون لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بیروباوەڕی ئازادی و سەربەستی لە مێشکیانا چەکەرەی کردبوو، ئەو تێکەڵبوونە کاری کردە سەر منداڵانی کوردیش و ئەوانیش بیری ئازادی و سەربەستی لە مێشکیان جێگیر بوو، بیریان لەوە دەکردەوە کە کوردیش بۆخۆی حکومەتێک دروستبکات.

دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لە ساڵی ١٨٩٨ بەناوی

ڕۆژنامەی کوردستان لە لایەن میقداد بەدرخان و پاشتر چەند ڕۆژنامەیەکی دی .. شۆڕشی (تورکانی لاو) لە ساڵی ۱۸۰۹ و دروستبوونی چەندەها کۆمەڵەی کوردی.. هەریەکە بەش بەحاڵی خۆیان ڕۆڵیان لەم مەجالەدا گێڕاوە و ڕووناکییان بەم ڕێگایە بەخشیوە. پاش شکستی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ۱۹۱۸و ئیمزاکردنی پەیمانی (سیڤەر) لە ساڵی ۱۹۲۰ لەنێوان تورکیا و هاوپەیمانان‌دا کە لە مادەکانی (٦٣،٦٢)دا بەئاشکرا ئاماژە بە(ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی) بۆ کوردەکان دەکات و، لە مادەی (٦٤) ئاماژە بە سەربەخۆیی دەدات. ئەمەش یەکەمین هەنگاوی بەنێودەوڵەتیکردن و سیاسیکردنی ناسیونالیزمی کوردی بوو. بەڵام ساڵێک دواتر (۱۹۲۱) سێ ناوچەی (جزیرە و کورد داغ و عەرەبی بینار) لە پەیمانێکدا لەنێوان فەرەنسا و تورکیادا گرێدرا، کەوتە سەر وڵاتی سوریا و پارچەیەکی دیکە لە کوردستان دابڕا، لە عێراق سەرەڕای شۆڕشەکانی بارزان، شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدی بارزانی، شێخ مەحموودی نەمر کە بەجۆرێک لە ناسیونالیزمی تازە سەرهەڵداوی کورد و کاریگەرییەکانی شۆڕشەکانی کورد لە تورکیاوە دەبەستراوە، بەڵام تەماح و بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز نەیهێشت شۆڕشەکانی کورد لە ساڵەکانی ۱۹۱۹ و ۱۹۲۳ ببێتە پێشگر لەوەی کە موسڵ لە کوردستان دانەبڕێ و کوردستان پارچەیەکی دیکەی لێ نەبێتەوە. لەم نێوەندەدا نابێ هەوڵ و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆشنبیران لە سلێمانی لە سەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحموود لە سلێمانی بەرچاونەگیرێن بۆ کاری نەتەوایەتی.

لە ئێران سەرەڕای شۆڕشەکانی هەمزە ئاغای مەنگوڕ و مەلا خەلیل و سمکۆ لە ساڵی ۱۹٤٥دا بەشێوەیەکی سەردەمییانە ناسیونالیزمی کورد لە قەوارەی کۆماری کوردستان خۆی نواند و یەکەمین ئەزموونی هەست بەخۆکردن و شوناسی کوردبوون تاقیکرایەوە بەدوای جیهانی مۆدێرن دا. لە ساڵی ۱۹۲۳ پەیمانی لۆزان وەک (بەشکچی) دەڵێ: نەتەوەی کورد و خاکی کوردستانی پارڤە کرد، ئەو ڕێککەوتننامەیە بریتی بوو لە دامەزراندنی سیستەمی کولونیالیزمی نێودەوڵەتی، کورد بە ڕەسمی لە چوار پارچەیی (تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا )دا کەوتە ژێر دەستی جەلادەکان.

بزووتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیران بە بەرنامەی (کۆمەڵەی ئازادی) بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بوو، هەرچەندە هەوێنی بزووتنەوەکە بریتی بوو لە هەستێکی ئایینی، چونکە شێخ سەعید لە دژی ئەو یاسایانە ڕاپەڕیبوو کە ئینکاری بوونی کوردی دەکرد، هەروەها شۆڕشی ئاگری داغ بە بەرنامەی کۆمەڵەی خۆیبوون کە دروشمی سەربەخۆیی باکووری کوردستانیان بەپشتبەستن بەبەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر بەرزکردەوە و کاری سیاسی و سەربازییان بۆ کرد.

ناسیونالیزم وەک ئایدیالۆژیا، وەک سیستەمێکی تیۆری وایە کە لەهەموو بوارەکانی پەیوەندیدار بەژیانی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، واتە ڕوانگەی تایبەتی بۆ بوارەکانی

**بزووتنەوەکەی شێخ سەعیدی پیران بەبەرنامەی (کۆمەڵەی ئازادی) بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی بوو**

کۆمەڵگا و بوون دەبێ.

روانگەی تایبەت بەو مانایە کە لە روانگەی بەرژەوەندی نەتەوەوە کە زۆرتر لە بەرامبەر ئەوەی دیکەدا خۆی دەناسێنێ وەک (کورد - ناکورد(عەرەب، فارس، تورک).

بەپێی باسەکانی پێشوو دەبێ بڵێین سەرەڕای ئەوەی کە لەسەدەکانی حەڤدە تا نۆزدەدا لەسایەی میرنشینە کوردییەکان و، قۆناغی فیودالیزمی کورد، کۆمەڵگای کوردی رەوتێکی ئاسایی گەشەکردنی خۆیەتی و کلتووری بڕی، شاعیرانی میللی وەک ئەحمەدی خانی لێکەوتەوە وە بیرو هەستی (خۆ) دەرخستن لەبەرامبەر (ئەوانی دی) دا هرووژاند.

**لەسایەی میرنشینە کوردییەکان و، قۆناغی فیودالیزمی کورد، کۆمەڵگای کوردی رەوتێکی ئاسایی گەشەکردنی خۆیەتی و کلتووری بڕی**

بەڵام سیاسەتی داگیرکاری رۆژئاواو پارچەپارچەکردنی وڵاتان و بەپێی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان و دامەزراندنی سیستەمی تۆتالیتاری لەناوچەکەدا بووە هۆی ئەوەی کە ناسیونالیزمی کوردی لە رەوتی ئاسایی خۆی بکەوێ و بکەوێتە دژەکردەوە لەبەرامبەر سیاسەتە دەرەکییەکانداو، تا ئێستاش سەرەڕای سەدان ساڵ خەبات و قوربانیدان و دروستبوونی رێکخراو و حیزبی بەبەرنامەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم، تاکی کورد گیرۆدەی قەیران و شوناس و هۆویەتی خۆی بێت. چونکە ناسیونالیزمی کورد تەنها لە چەمکی سیاسیدا خۆی پێناسە کردووە و نەیتوانیوە وەک پرۆسیسێکی فراوانتر لە بەدواداچوونێکی تیۆری و هزریدا کە روانگەی مێژوویی ئەو دیاریبکات خۆی دەربخات. لە لایێکی دیکەشەوە نەتەوەی کورد دەبێ ببێتە خاوەنی دیموکراتیزاسیۆنێکی نێوخۆیی و تەنیا لەبەرامبەر ئەوانی دیدا وەک گشتێک خۆی پێناسە نەکات.

**چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی:**

١- ناسیونالیزم و ناسیونالیزمی کوردی، جەعفەر عەلی.
٢-کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦ی زایینی، سید محەمەد سەمەدی.
٣- کوردستان لەنێوان ململانێ نێودەوڵەتی و ناوچەییدا (١٨٩٠-١٩٣٢)، کامەران ئەحمەد.
٤- میرنشینەکانی کوردستانی رۆژهەڵات لەسەردەمی قاجاریدا، نازناز محەمەد عەبدولقادر.
٥- حاجی قادری کۆیی، محەمەد مەسعوود.
٦- دراسات في الحركة الكوردية المعاصرة (١٨٣٣-١٩٤٦) د. عوسمان عەلی.
٧- مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، ساڵح قەفتان.
٨- کوردانی سەرگەردان و برا موسڵمانەکانیان، پ. جەمال نەبەز.
٩- گەشتەکەی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ حەمەی حەمە باقی.
١٠- مێژوی کورد لە سەدەی شازدە، د. شەمسی محەمەد ئیسکەندەر.
١١- کورد و ئاشووری، کرێکار عەبدوڵڵا.
١٢- شەرەفنامە (تاريخ مفصل كردستان ) مير شرفخان بتليسی، محەمەد عەباسی.
١٣- اداب و رسوم کردان ، مەحموود افندی بایزیدی.
١٤- کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەم، کەمال مەزهەر.